# هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ بە دیهێنانی خوێندن بە زمانی کوردی (١٩٢٥-١٩٣٣)

**مەریوان محمود محمد[1] ، ئەحمەد محمدئەمین قادر[2]**

[1]خوێندنگای ئامادەیی ڕاجی کوڕان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)دا، کورد مەبەستی بو مافەکانیان لەو دەوڵەتە نوێیە بەدەست بهێنن، هەرچەندە لەوکاتەدا بەشێکی باشوری کوردستان (سلێمانی و دەوروبەری) بەکردار نەکەوتبوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق، بەڵام بەریتانییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆیان هەوڵی نزیککردنەوەی کورد و کاربەدەستانی عێراقیان دەدا و لە ١٦ی کانونی یەکەمی(١٩٢٥)دا بە پیداگری بەریتانیا کۆمەڵەی نەتەوەکان لە بەرژەوەندی عێراق، ویلایەتی موسڵی بەعێراقی عەرەبییەوە لکاند، کاتێکیش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن ئەنجامدرا، کورد لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە ویستی مافی خوێندن بەزمانی کوردی بەدەست بهێنێت، بەڵام لەلایەن بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی عەرەبەوە دژایەتی خواستەکانی کورد کرا.

نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێگەی گفتوگۆی ناو ئەنجومەن یان بەیاداشت داوای باشکردنی ڕەوشی خوێندنی کوردییان کردوە، دیارترین ئەو یاداشتانەش کە نوێنەرانی کورد پێشکەشی وەزارەتی مەعاریفیان کرد لە حوزەیرانی ١٩٢٨ بو، کە داوای کردنەوەی قوتابخانەی پێویست و پێکهێنانی لیژنەیەکیان کرد بۆ دانانی پەرتوک و وەرگێڕانی پەرتوکی قوتابخانەکان بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام کاربەدەستانی مەعاریف داواکارییەکانیان ڕەتکردەوە و پێیانوابو پرۆگرامی خوێندن بە زمانی عەرەبی بێت باشترە، زمانی کوردیشیان بە زمانێکی لاواز وەسف کرد، هەرچەندە بەپێی ماددەی (١٦)ی یاسای بنچینەیی(دەستور) عێراق و ماددەی (٩)ی یاسای زمانە خۆجێیەکانی ساڵی(١٩٣١)، دەبوایە خوێندن لەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن بە زمانی کوردی بێت، بەڵام وەک پێویست یاساکان جێبەجێ نەکراون.

ئامانجی نوسینی توێژینەوەکەش خستنەڕوی هەوڵی نوێنەرانی کوردە بۆ باشکردنی ڕەوشی خوێندن لە ناوچە کوردییەکان، ڕێبازی توێژینەوەکەش میتۆدی ململانێی بەراوردکارییە لە پێناو دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکان کە نوێنەرانی کورد داوای خوێندی کوردییان کردوە، جگە لە ژمارەیەکی کەم، زۆرینەی عەرەبی ناو پەرلەمان داواکارییەکانیان ڕەتکردۆتەوە.

## کلیلە وشەکان:

خوێندنی کوردی، ئەنجومەنی نوێنەران، مەعاریف، یاداشت، حکومەتی عێراق.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper17
**Received:** 7-August-2021
**Accepted:** 05-September -2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Mariwan.mahmood2019@gmail.com
Ahmad.muhamadamin@koya.university.org
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

لە ڕاستیدا بەرەو پێشبردنی خوێندن و فێرکردن بۆ هەمو نەتەوەیەک پێویستە، بۆیە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران هەوڵەکانیان لە پێناو باشکردنی ڕەوشی خوێندنی کوردی خستۆتەکار و لە دەرفەتێک گەڕاون بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن لە ناوچە کوردییەکان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ناونیشانی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بزانرێ هەندێک لە نوێنەرانی کورد هەوڵی باشکردنی خوێندنی کوردییان داوە و گفتوگۆی چڕوپڕیان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران کردوە و داوای مافی خوێندنیان بە زمانی کوردی بۆ ناوچە کوردییەکان کردوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەمەوێت دۆخی خوێندن لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەم بخەمەڕو، کە هەندێجار لە ڕێگای یاسا یان بەقسەی زارەکی گفت و بەڵێنیان بە نوێنەرانی کورد داوە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی لە باشوری کوردستان، بەڵام کێشەی خوێندن چارەسەرنەکراوە و کاربەدەستانی مەعاریفیش ناوچە کوردییەکانیان پەراوێز خستوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژوییەکان بابەتەکانم شیکار کردوە و میتۆدی بەراوردکاری ململانێ بەکارهاتوە و هەوڵم داوە بابەتەکان کورت بکەمەوە و تێخود و هەڵهێنجان و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم کە گونجاوە لەگەڵ ڕێبازی زانستی نوسینەوەی مێژو.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

لە نوسینەوەی توێژینەوەکەمدا هەندێ گرفت هاتنە ڕێگام، وەک پەیداکردنی سەرچاوە ڕەسەنەکان و ڕێکخستنی بابەتەکانی ناو توێژینەوەکە و وەرگێڕانی سەرچاوەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەم بە ناونیشانی (هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ بە دیهێنانی خوێندن بەزمانی کوردی(١٩٢٥-١٩٣٣)، لە دەروازەیەک و دو باس پێکهاتوە. دەروازەکە: دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن(نوێنەران)، باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و هەوڵی بەریتانییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ناوچەکە و ئەنجام دانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزران دەکات. باسی یەکەم: هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ پرسی خوێندنی کوردی(١٩٢٥-١٩٢٨)، باس لە هەوڵەکانی نوێنەرانی کورد دەکات کە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی دامەزراندن و نوێنەران داوای کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنیان بە زمانی کوردی کردوە و بەشێک لە نوێنەرانی عەرەبیش دژی داواکاری کورد بونە و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان دروست کردوە. باسی دوەم: هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ پرسی خوێندنی کوردی(١٩٢٨-١٩٣٣)، باس لە بەردەوامی هەوڵەکانی نوێنەرانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی، هەروەها باس لە دەرکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکانی ساڵی(١٩٣١)و بە ئەندام بونی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی(١٩٣٢) دەکات.

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

لە نوسینی توێژینەوەکەدا سودم لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگرتوە، بەڵام لە هەمویان گرنگتر ئەمانەن: (دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، لەوانەش دانیشتنی ژمارە ١١ی ١٩٢٥، ٣٥ی ١٩٢٥، ٢٢ی ١٩٢٦، ٢٣ی ١٩٢٦، ١٢ی ١٩٢٧، ٣٥ی ١٩٢٨، ٣٦ی ١٩٢٨، ٣٥ی ١٩٣١)، هەروەها کتێبی وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية لە نوسینی عبدالفتاح البوتانی، کتێبی نیابتی (١٩٢٨-١٩٣٠) لە نوسینی معروف جیاوک، کتێبی موقف مجلس النواب العراقی من القضیة الكردية فی العراق(١٩٢٥-١٩٤٥) لە نوسینی ئەحمەد محمدئەمین قادر، کتێبی هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٣٠) لە نوسینی مهدی محمد قادر، مێژوی نوێی عێراق لە نوسینی فیبی مار، ڕۆژنامەکانی ژیانەوە و دیاری کوردستان و ژیان.

## دەروازە

### دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن(نوێنەران):

دوای ئەوەی سێر برسی كۆكس نوێنەری باڵای بەریتانیا گەیشتە بەغدا و كۆبونەوەیەكی گرنگی بە نزیكەی(١٠٠)كەسایەتی و پیاوماقوڵان و پیاوانی ئاینی و سیاسی كرد، بە مەبەستی ڕازیكردنیان بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی كاتی لە عێراق، ئەوە بو لە ٢٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٠ بە سەرۆكایەتی عەبدولڕحمان گەیلانی(١٨٤٥-١٩٢٧) كە یەكێك بو لە گەورە پیاوانی ئاینی بەغدا، حكومەتە كاتییەكە دامەزرا(وەردی، ٢٠٠٥، ب٦: ٢١-٢٤).

دوای پێكهێنانی حكومەتی كاتی عێراقیش، بەریتانییەكان بیریان لەوە كردەوە كێشەكانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەربكەن، لەو پێناوەشدا لە ئازاری ١٩٢١ كۆنگرەی قاهیرە بەسەرپەرشتی (ونستۆن چەرچڵ)ی وەزیری داگیرگەكانی بەریتانیا و بە ئامادەبونی هەمو نوێنەرە باڵاكانی بەریتانیا لە ناوچەكە و (جەعفەر عەسكەری) نوێنەری عێراق بەسترا، لە كۆنگرەكەدا بڕیاردرا سیستەمی پاشایەتی لە عێراق دابمەزرێت و فەیسەڵی كوڕی حسێن(١) یش دەست نیشانكرا بۆ تەختی پاشایەتی عێراق، لە (الحسنی، ١٩٧٨، ج١: ٣٢-٣٣؛ احمد، ب. س. ط: ١٣٥؛ عبدالقادر، ٢٠١٢: ١٣٣-١٣٤).

لەو كاتەشدا نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق، داوای لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق كرد زەمینەسازی بكەن بۆ ئەنجامدانی ڕێوشوێنەكانی دانانی فەیسەڵ وەك پاشای عێراق، بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی وەزیران لە تەموزی ١٩٢١ كۆبوەوە و فەیسەڵی وەك پاشای عێراق ناساند، بڕیاریشیاندا ڕاپرسی لە ناو خەڵكدا بۆ ئەنجام بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردرا و خەڵكی ناوچەكانی عێراق دەنگیاندا(مار، ٢٠١١: ٤٢-٤٣).

سەبارەت بەناوچە كوردییەكان، لیوای سلێمانی بەبیانوی نائارامی ناوچەكە بەهۆی جوڵانەوەی شێخ مەحمود بەشداری ڕاپرسی نەكرد و لیوای كەركوك بە نەخێر دەنگیاندا و لیوای هەولێر و قەزا كوردییەكانی لیوای موسڵ بە مەرجی جێبەجێكردنی داواكارییەكانیان لە مافە نەتەوەییەكان دەنگیاندا (هاوار، ١٩٩١، ب٢: ١٠٥)، قەزای خانەقینیش كە ئەوكاتە سەر بە لیوای دیالە بو بە بەڵێ دەنگیان بە فەیسەڵدا (محمود، ٢٠١٧: ٥٩).

ئەنجامی ڕاپرسیەكەش نزیكەی (٩٧٪)ی خەڵكی عێراق بە (بەڵێ) دەنگیان بە فەیسەڵدا، ئاهەنگی تاج لەسەر دانانی فەیسەڵیش لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١) لە گۆڕەپانی(برج الساعة)لە بەغدا بەڕێوەچو بە ئامادەبونی نوێنەری باڵای بەریتانیا و نوێنەری هەمو لیواكانی عێراق، جگە لە نوێنەری لیوای كەركوك و سلێمانی كە بەشدارنەبون(الحسنی، ١٩٧٨، ج١: ٥٩؛ الادهمی، ٢٠٠٩: ٦٨؛ باوەڕ، ٢٠١٨: ٨٢).

هەرچەندە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) دامەزرا، بەڵام تا ساڵی (١٩٢٤) هیچ دامەزراوەیەكی یاسادانانی نەبو، ئەمە لە كاتێكدا بو كە بڕیاری شاهانەیی لە تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن (٢) دەرچوبو، بەڵام لەبەر خراپی بارودۆخی سیاسی عێراق و بەرهەڵستیكردنی هەڵبژاردن لە ناوخۆی وڵات و هەڵوەشانەوەی حكومەتی عەبدولڕەحمان گەیلانی و دامەزراندنی حكومەتی نوێ لەلایەن عەبدولمحسین

سەعدون لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، هەڵبژاردن نەکرا و دواخرا بۆ ١٢ی تەموزی ١٩٢٣، بەڵام بۆ جارێکی تر حکومەت بە هۆی تەواونەبونی کارەکانی هەڵبژاردن دەستی لەکارکێشایەوە و حکومەتێکی تر بە سەرۆکایەتی جەعفەر عەسکەری پێکهات و بڕیاریدا لە ٥ی شوباتی ١٩٢٤ هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت (قادر، ٢٠٠٨: ١٣٤–١٣٥؛ عبدولقادر، ٢٠١٢: ١٤٧–١٤٩)، هەڵبژاردن کرا و لە ٢٧ی ئازاری ١٩٢٤ ئەنجومەنی دامەزراندن دەستی بەکارەکانی کرد(الحسنی، ١٩٧٨ ، ج١: ٢٠٥).

پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق دەستکەوتێکی گرنگ بو بۆ گەلانی عێراق، لەو چوارچێوەیەدا کوردیش ئامانجی خۆی لەسەر هەڵچنیبو لەپێناو بەدیهێنانی مافی خوێندن بە زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر و بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکانی باشوری کوردستان لەڕێگەی ئەندامە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی دامەزراندنەوە کە (١٩) کەس بون لەکۆی (١٠٠) کەس، ویستیان لەڕێگەی گفتوگۆی ناو ئەنجومەنەوە مافی کورد بە دەستبهێنن(قادر، ٢٠٠٧: ٤٨؛ ئۆمەر، ٢٠٠٦: ١١٨–١١٩).

لەسەر ئاستی دەرەوەش بەریتانیا مەبەستی بو بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزراندن، هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، تا لەو ڕێگەیەوە ڕێککەوتنی عێراقی – بەریتانی ساڵی (١٩٢٢) پەسند بکات، هەروەها بەریتانیا ویستی کورد بەشداری هەڵبژاردن بکات و چەند بەڵێنێکی پێدان، وەک بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و گرنگیدان بە خوێندن و فێرکردن و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ شا فەیسەڵ و کاربەدەستانی حکومەت گفتوگۆیان کرد و بەڵێنیان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی کورد پێدرا (قادر، ٢٠٠٨: ١٣٤–١٣٥).

سەبارەت بە بەشداری کورد لە هەڵبژاردن، جگە لە لیوای سلێمانی لیوا کوردییەکانی تر بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و ژمارەیەک نوێنەر (٣)یان هەڵبژارد(الدوسکی، ٢٠٠٨: ٣١).

ئەنجومەنی دامەزراندن چەند ئەرکێکی لە سەرشانبو پێویست بو بیکات، وەک پەسندکردنی پەیمانی عێراقی–بەریتانی (١٩٢٢)و پەسندکردنی دەستور و بڕیاردان لەسەر یاسای هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگای لیژنەیەکەوە بەناوی (لیژنەی نوسینەوەی پڕۆژەی دەستور)، کە نوێنەرێکی کوردیشی تێدا بو پڕۆژەی دەستور نوسرایەوە و لە ١٠ی تەموزی ١٩٢٤ لەئەنجومەنی دامەزراندن پەسندکرا(الحفو و البوتانی، ٢٠٠٥: ٢٤؛ قادر، ٢٠٠٨: ١٣٧–١٣٨)، نوێنەرانی کوردیش ویستیان مافەکانیان وەک مافی خوێندن بەزمانی کوردی و بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لە باشوری کوردستان بەشێوەی دەستوری و یاسایی جێبکەنەوە(تەیب، ٢٠٠٨: ١١١، ١٧٨).

بەبۆچونی ئێمە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەویلایەتی بەغدا و بەسراوە خواستێکی بەریتانیا بو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرچەندە کورد ویستی لەڕێگەی دەوڵەتی عێراقەوە مافی خوێندن و فێرکردن بەزمانی کوردی بێنێت، بەڵام خواستەکانی وەک پێویست نەهاتۆتەدی.

## باسی یەکەم: هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ پرسی خوێندنی کوردی(١٩٢٥-١٩٢٨):

نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی دامەزراندن، لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی کورد هەوڵیانداوە گفتوگۆی چڕوپڕ بکەن چ لەناو ئەنجومەن و چ لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت، یەکێک لەئەندامە دیارەکانی ئەنجومەنیش مەلا محمد جەلی زادە (مەلای گەورەی کۆیە) بو، کە زۆر پێداگیری لەسەر خوێندن و فێرکردن بەزمانی کوردی و بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەدادگا و دامودەزگا حکومییەکانی باشوری کوردستان کردوەتەوە، لەم ڕوەشەوە لەگەڵ نوێنەرە عەرەبەکانی ناو ئەنجومەنی دامەزراندن و بەرپرسانی وەزارەتی مەعاریف گفتوگۆی کردوە، بەڵام ئەنجامی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە، هەروەها نوێنەرانی تری کوردیش لەو ئەنجومەنە هەوڵی زۆریان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان داوە(احمد، ب. س. ط: ٢٠١-٢٠٢؛ عامری، ٢٠١٨: ٢٤؛ تەیب، ٢٠٠٨: ١١١).

لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدرا و یەکەمین دانیشتنی لە ١٦ی تەموزی ١٩٢٥ دەستپێکرد(قادر، ٢٠٠٨: ١٣٨)، لەم خولەشدا نوێنەرانی کورد هەوڵیاندا داواکردنی مافەکانی کورد بۆ ناو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بگوازنەوە تا لەو ڕێگەیەوە بەگفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ نوێنەرانی تری عێراق، هەوڵی بەدەستهێنانی مافی خوێندن و نوسین بەزمانی کوردی لە باشوری کوردستان بدەن(الحسنی، ١٩٧٨، ج٢: ١٤-١٨؛ ساڵح، ٢٠٠٥: ٥٨-٥٩).

لەلایەکی ترەوە نوێنەرانی کورد لەڕێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە چەندین یاداشتیان بۆ کاربەدەستانی مەعاریف بەرزکردۆتەوە، بۆئەوەی بایەخ بەخوێندنی کوردی بدرێت و قوتابخانەی زیاتر لە ناوچە کوردییەکان بکرێتەوە، هەروەها داوای کردنەوەی قوتابخانەیان لە گوند و ناوچە دورەدەستەکانیش کردوە بۆ ئەوەی منداڵانی ئەو ناوچانە لە خوێندن بێبەش نەبن(محمد، ٢٠١٤: ١٢)، یەکێک لە نوێنەرە چالاکەکانی کوردیش(محمد ئەمین زەکی)بو، کە لە یەکەم خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ١٠ی ئابی ١٩٢٥، داوای کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر و خوێندن بەزمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان دەکات، تەنانەت داوای ئەوەش دەکات بودجەی پێویست بۆ خوێندنی ناوچە کوردییەکانی باشوری کوردستان تەرخان بکرێت(م.م.ن، ج(١١)، ١٩٢٥: ٤-٥)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی داوای ئەوەشی کردوە لە شاری بەغدا و ناوچە عەرەبییەکانی تری عێراق قوتابخانە بەزمانی کوردی بکرێتەوە، بە تایبەت لەو ناوچە عەرەبییانەی ڕێژەیەکی زۆر کوردی تێدا دەژی، بۆنمونە لە شارێکی وەک بەغدا نزیکەی (٢٥٠٠٠) کوردی تێدا ژیاوە و (١٠٪)ی ڕێژەی دانیشتوانەکەی کورد بوە، بۆیە پێویستە چەندین قوتابخانەی بەکوردی تێدابێت (ژیانەوە-ڕۆژنامە، ١٩٢٥، ژ.(٤٢)؛ ساڵح، ٢٠٠٥: ٥٨-٥٩).

لەلایەکی ترەوە حازم شەمدین ئاغا(٤) نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥، خراپی ڕەوشی خوێندن لە باشوری کوردستان بەگشتی و قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ بەتایبەتی هێناوەتە بەرباس و کەموکورتییەکانی وەک کەمی ژمارەی مامۆستای کورد و کەمی ژمارەی قوتابخانە و خوێندن بەزمانی عەرەبی لە قەزاکانی (زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ، شەنگال)، ڕوبەڕوی کاربەدەستانی وەزارەتی مەعاریف

کردۆتەوە و داوای خوێندن بە زمانی کوردی و دابینکردنی مامۆستای کورد بۆ قوتابخانەکانی قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ کردوە، لەو کاتەدا نوێنەرێکی عەرەب بە ناوی یوسف غنیمة(٥) کە نوێنەری لیوای بەغدا بو پشتگیری خۆی بۆ داواکاری نوێنەرە کوردەکە دەربڕی و وتی: "ئەم داواکارییە دروست و ڕەوایە و پێویستە وەزارەتی مەعاریف گوێی لێبگرێت و خواستی برایانی کورد جێبەجێ بکات"(م.م.ن، ج(٣٥)، ١٩٢٥: ٢٢).

هەوڵەکانی حازم شەمدین ئاغا بێ ئەنجام بوە و کێشەکان چارەسەرنەکراوە، چونکە کاربەدەستانی وەزارەتی مەعاریف، بەتایبەت کەسێکی توندڕەوی وەک ساتیع حوسەری کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتی بوە لە وەزارەتی مەعاریف، هەبونی مامۆستای کوردی لە ناوچەکە بەپێویست نەزانیوە و پێیوابوە خوێندن و فێرکردن بەزمانی عەرەبی بێت باشترە(م.م.ن، ج(٣٥)، ١٩٢٥: ٢٢).

لەکاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبییەوە بەشێک لە نوێنەرانی کورد، لەوانەش نوێنەرانی هەولێر(٦) بەمەرجی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان پاڵپشتی گەڕانەوەی ویلایەتەکەیان بۆ سەر عێراق کردوە، بەڵام لە ڕاپۆرتی (عەبدولمحسین سەعدون) بۆ پەسندکردنی پەیمانی عێراقی – بەریتانی کە خستیە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ١١ی کانونی دوەمی ١٩٢٦ داواکارییەکانی کورد بەتەواوی جێگای نەکرابوەوە، ئەمەش نوێنەرانی کوردی نیگەران کرد و داوای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەیان دەکرد کە لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە بە کورد درابو، وەک مافی خوێندن و فێرکردن بەزمانی کوردی و بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکانی باشوری کوردستان(قادر، ٢٠١٣: ٢١٦).

لە شوباتی ١٩٢٦ یازدە نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبونەوەیەکی گرنگیان لە ماڵی محمد حەبیب تاڵەبانی (٧) نوێنەری لیوای کەرکوک لە شاری بەغدا ئەنجامدا بەمەبەستی داواکردنی مافەکانی کورد لە حکومەتی عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکیان ئامادەکرد و دایانە حکومەت، یاداشتەکە چەند داواکارییەکی لە خۆگرتبو لەوانە:

١-داننان بەزمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا و نوێنەرانی کورد بۆیان هەبێ لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا بەزمانی کوردی گفتوگۆ بکەن و بۆچونی خۆیان دەرببڕن.

٢-پێویستە یاسا و بڕیارە فەرمییەکانی حکومەت شانبەشانی زمانی عەرەبی بەزمانی کوردیش بڵاوبکرێتەوە.

٣-داوا بکرێ سێیەکی فەرمانبەران و ئەنجومەنی وەزیران کورد بن.

٤- هەوڵبدرێ لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان خوێندن بە زمانی کوردی بێت(دیاری کوردستان-ڕۆژنامە، ١٩٢٦، ژ.(١٥)؛ هاوار، ١٩٩١، ب٢: ٦٠٦-٦٠٧).

بەڵام داخوازییەکانی نوێنەرانی کورد جێبەجێنەکرا و کاربەدەستانی حکومەتیش بەتایبەت وەزارەتی مەعاریف گرنگییان بەناوچە کوردییەکان نەداوە(هاوار، ١٩٩١، ب٢: ٦٠٧).

خراپی ڕەوشی خوێندن لە باشوری كوردستان و لیوای هەولێر وای لە نوێنەرانی هەولێر كرد هەوڵەكانیان چڕبكەنەوە بۆ باشكردنی بارودۆخی خوێندن و خوێندەواری، چونكە لەو كاتەدا ژمارەی قوتابخانەكانی هەولێر لە(٦) قوتابخانە زیاترنەبو، ئەگەرچی ژمارەی قوتابخانەكانی هەمو لیواكانی عێراق (٢٦٣) قوتابخانە بو، بۆیە لە دانیشتنێكی ئاسایی ئەنجومەنی نوێنەراندا كە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٢٦ بەڕێوەچو، ئیبراهیم یوسف(٨) نوێنەری لیوای هەولێر یاداشتێكی بۆ وەزارەتی مەعاریف بەرزكردەوە و داوای زیادكردنی ژمارەی قوتابخانەكانی هەولێر و پڕكرنەوەی پێداویستییەكانی تری خوێندن وەک مامۆستا و كتێب و تەختەی كرد، هەروەها داوای كرد لە بودجەی وەزارەتی مەعاریف بڕێک پارە بۆ كردنەوەی قوتابخانەی كچان لە هەولێر تەرخانبكرێت، چونكە تا ئەوكاتە هیچ جۆرە قوتابخانەیەكی كچان لە هەولێر نەبوە، ئەمەش كێشەوگرفتی بۆ كچانی هەولێر دروستكردوە، كە لەبەر خراپی بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی نەیاندەتوانی بچن لە شارەكانی تری عێراق بخوێنن (م.م.ن، ج(٢٢)، ١٩٢٦: ٩).

دواتریش ئیسماعیل ڕواندزی(٩) نوێنەری لیوای هەولێر لە دانیشتنی ٢ی ئازاری ١٩٢٦، لەڕێگەی یاداشتێكەوە داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران كرد بۆ كردنەوەی قوتابخانەیەكی دواناوەندی (ثانوی) بۆ هەولێر و دەوروبەری، بۆ ئەوەی قوتابیانی هەولێر و كۆیە و ناوچەكانی تر كاتێک قۆناغی سەرەتایی تەواودەكەن لەو قوتابخانەیە درێژە بەخوێندن بدەن، هەر لە یاداشتەكەدا ئاماژە بە ژمارەی دەرچوانی قۆناغی سەرەتایی هەولێر و كۆیە كراوە كە (١٧) قوتابییان هەیە و ژمارەیەک قوتابیش لەبەرئەوەی باری داراییان خراپبوە لە خوێندن دابڕاون، بەڵام كاربەدەستانی مەعاریف بەتایبەت ساتیع حوسەری وەڵامی توندی ئیسماعیل ڕواندزی داوەتەوە و بیانوی ئەوەی هێناوەتەوە، كە گوایە ژمارەی قوتابییەكان كەمن و لە (٨) قوتابی تێپەڕناكات و بەشی كردنەوەی قوتابخانەی دواناوەندی ناكات و داواكارییەكانی ڕەتكردەوە، ئەمەش نیگەرانی نوێنەرانی كوردی لێكەوتەوە(م.م.ن، ج(٢٣)، ١٩٢٦: ٩–١١).

هەروەها ئیسماعیل ڕواندزی داوای كردنەوەی قوتابخانەی بۆ ڕواندز كردوە، لەم ڕووەوە ڕەخنە لە كاربەدەستانی مەعاریف دەگرێت، كە هەوڵی پێشخستنی ناوچە كوردییەكانیان نەداوە، هەرچەندە لەوكاتەدا ساتیع حوسەری باسی بڕە پارەیەكی كردوە كە بۆ قوتابخانەی ڕواندز تەرخانكراوە(م.م.ن، ج(٢٣)، ١٩٢٦: ١٢)، بەڵام دەبینین گفت و بەڵێنەكان بۆكردنەوەی قوتابخانە لە ناوچە كوردییەكان بەكەمی جێبەجێكراوە، یەكێک لەوانە ساڵێک پێشتر بەڵێنی كردنەوەی قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر درابو، بەڵام جێبەجێ نەكراوە(كاكەسور، ٢٠٠٤: ٤٢).

دواتریش (ئیبراهیم یوسف) نوێنەری هەولێر لە دانیشتنی ١٧ی ئایاری ١٩٢٧ ڕەخنەی لە كاربەدەستانی مەعاریف گرت كە نەیتوانیوە پۆلی دواناوەندی كوڕان لە هەولێر بكاتەوە و قوتابخانەی ناوەندی كچانیش لە هەولێر نییە، هەرچەندە پێشتر بەڵێن درابو بۆ كردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی كچان، بەڵام جێبەجێنەكراوە، ئەو نوێنەرەی هەولێر پرسیار لە سەید عەبدولمهدی وەزیری مەعاریف دەكات، كە لە هەمو لیوای هەولێر تەنها (٧) قوتابخانە هەیە كە یەک قوتابخانەیان شەش پۆلییە و قوتابخانەكان گرفتیان هەیە و زۆربەیان لە خانوی كرێدان و خوێندنیش بە

زۆری بە زمانی عەرەبییە، ئەمە لە کاتێکدا بو کە لە هەندێ لیوای عێراقدا ژمارەی قوتابخانەکان دەگەیشتە (٧٠–٨٠) قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی (م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٤٩).

لەوکاتەشدا وەزیری مەعاریف کۆمەڵێک بەهانەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بەڵێنەکان جێبەجێنەکات و وتی" وەزارەت جەخت لەکردنەوەی پۆلی دواناوەندی هەولێر دەکاتەوە، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی دەرچوی قوتابی لەو شارە ناتوانن قوتابخانەی دواناوەندی بکەنەوە، هەروەها وەڵامی وەزیری مەعاریف بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی کچانی هەولێر ئەوەبو کە مامۆستای ئافرەت کەمە و پارەی پێویستیشیان لەبەر دەستدا نییە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکە، هۆکاری دواکەوتنی خوێندنیشی بۆ موتەسەریفی هەولێر گەڕاندەوە" (م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٥٥، ١٠٥٩).

لە دانیشتنی ١٧ ئایاری ١٩٢٧ ئیبراهیم یوسف قسەکانی وەزیری مەعاریفی ڕەت کردەوەو و وتی" ساڵی (١٩٢٦) نزیکەی (١٣) قوتابی دەرچوی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییمان هەبو، بەڵام لەبەر نەبونی پۆلی شەشەمی سەرەتایی ئەو قوتابیانە چونە کەرکوک و موسڵ بۆ تەواوکردنی خوێندن، ئەمەش گرفتی بۆ قوتابیان دروست کردوە، هەروەها ڕەخنەی لە وەزیری مەعاریف گرت کە ئەوان دەتوانن مامۆستای ئافرەت دابینبکەن و بڕیاربدەن مامۆستا بۆ هەر جێگایەک کە بیانەوێت بگوازنەوە، قسەکانی وەزیریشی بەسیاسی ناوبرد"(م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٥٩–١٠٦٠)، هەر لە هەمان کۆبونەوەدا (ئیسماعیل ڕواندزی) پشتگیری ئیبراهیم یوسفی کردوە و قسەکانی وەزیری مەعاریفی ڕەتکردەوە، کە ویستبوی موتەسەریفی هەولێر تۆمەتبار بکات، کە گوایە کێشەی خوێندن و هۆکاری دواکەوتنی خوێندن لە لیوای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ موتەسەریفی هەولێر(م.م.ن، ج(١١)، ١٩٢٧: ١٠٥٩–١٠٦٠).

زیاتر لەوەش لە دانیشتنی ١٧ی ئایاری ١٩٢٧، داود حەیدەری(١٠) نوێنەری لیوای هەولێر، پێچەوانەی بیرو بۆچونەکانی نوێنەرانی تری کورد، دژی خوێندن بوە بە زمانی کوردی، لەم ڕووەوە ڕەخنەی لە سیاسەتی وەزارەتی مەعاریف گرت، دەربارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە باشوری کوردستان، کە وا دەردەخات پڕۆگرامەکانی خوێندن بە ئاسانی دێتەگۆڕین، بەجۆرێک کە ساڵێک بە زمانی عەرەبی و ساڵێک بە زمانی کوردی و ساڵێک بە زمانی تورکی بێت، ئەم گۆڕانکارییانەش لە سەر داوای لێپرسراو و موتەسەریف و کەسانی لەم جۆرە دێتە جێبەجێکردن، هەروەها وتی" قوتابیانی کورد چۆن دەتوانن خوێندنی ئەندازیاری بخوێنن و کتێبی زانستی چۆن دەکرێتە کوردی، بۆ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و هەتا خوێندنی بەرزیش ناتوانرێت بە کوردی بخوێندرێت"(م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٥٦، ١٠٧٢)، لەو کاتەشدا (محمد ئەدیب) لەژێر سەردێڕی "مەبعوسێکی حەق لە ژێرپێنەردا" بەرپەرچی داود حەیدەری داوەتەوە و دەڵێت" خوێندنی کوردی مافی هەمو تاکێکی کوردە و کەس بۆی نییە بەناوی کوردەوە دژایەتی بکات و دەبێت نوێنەرانی کورد بەرگری لە مافە ڕەواکانی کورد بکەن بەتایبەت خوێندن بەزمانی کوردی لە قوتابخانەکانی باشوری کوردستان"(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٣٢؛ قادر، ٢٠٠٧: ٩٠–٩١).

ڕۆژنامەی ژیانیش ڕەخنە لە قسەکانی (داود حەیدەری) دەگرێت و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دژی خوێندن بوە بە زمانی کوردی لە باشوری کوردستان وەک لەسەر زاری داود حەیدەری هاتوە و لە ڕۆژنامەی ژیاندا

بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت"... لە ئیدعای لزومی تەدریسات بە زمانی کوردی، مەعارف بە هەمو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم. لە ئەلویەی سەرودا مەعارف زۆر ناتەواوە، قوتابیەکانی ئەو ناوە نە بەکوردی و نە بەعەرەبی و نە بەتورکی ئەتوانن قسەبکەن"(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٣٢؛ قادر، ٢٠٠٨: ١٤٦-١٤٧).

هەروەها ڕۆژنامەی ژیانیش ڕەخنە لە بیروڕای (داود حەیدەری) دەگرێت و دەنوسێت"... لەبەرئەوەی ئەم قسانە لە زبانی مەبعوسێکی کوردەوە لە مەجلیسی میللەت دا بەیان کراوە و بۆ عالەمی کوردایەتی تاجاوزێکە، مەجبور بوین کە بڵێین ئەم بەیانە لیسان حالی هیچ فەردێکی کورد نیە، ئیلا جەنابی مەبعوس خۆی نەبێ"(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٣٢).

هەروەها هەندێک لە دانیشوانی ڕواندز (١١) لە نوسراوێکدا کە ئیمزایان لەسەر کردوە و داوایان کرد داود حەیدەری ئەم هەڵوێستانە نەنوێنێت، چونکە وادیار دەکەوێت کە ئاگاداری پێویستی و ئارەزوی میللەت نەبێت (ئەمین، ٢٠٠٢: ١٣٤).

لەلایەکی ترەوە (نەشئەت ئیبراهیم) نوێنەری لیوای کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ١٧ی ئایاری ١٩٢٧، داوا دەکات خوێندن لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان بەزمانی کوردی بێت و دەڵێت: "ڕاستە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، بەڵام عێراق لە کۆمەڵێک نەتەوە پێکهاتوە، یەکێک لەوانەش نەتەوەی کوردە، بۆیە پێویستە خوێندن لەقۆناغی سەرەتایی بەزمانی کوردی بێت و دواتریش لە قۆناغی ناوەندی و بەرزتر بە زمانی عەرەبی بێت، هەروەها داوای کرد چاکسازی لە مەعاریفی ناوچە کوردییەکان بکرێت و زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێت، چونکە بە تەنها بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەعاریفی ناوچە کوردییەکان سەرکەوتو نابێت و مامۆستایان کێشەیان بۆ دروست دەبێت"(م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٦٧).

لەوکاتەدا نوێنەرێکی عەرەب بە ناوی (احمد داود) کە نوێنەری لیوای بەغدا بو، دژی بۆچونی نوێنەرە کوردەکە وتی: "پرۆگرامەکان لە قۆناغی ناوەندی و بەرزتر بە زمانی عەرەبییە ئەگەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی بە زمانی کوردی بێت تاڕادەیەک کێشە نییە، بەڵام لەوکاتەدا وڵات سود لە قوتابیانی کورد وەرناگرێت و کێشە بۆ قوتابیان دروست دەبێت، بۆیە داوا دەکات نوێنەرانی کورد داوا نەکەن، کە خوێندن لە ناوچە کوردییەکان تەنها بەزمانی کوردی بێت"(م.م.ن، ج(١٢)، ١٩٢٧: ١٠٦٣).

لە ڕاپۆرتێکی محمد ئەمین زەکیدا هاتوە کە دەربارەی قوتابخانەکانی لیواکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، موسڵ) بو، باسی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچە کوردییەکان دەکات کە (٣٨) قوتابخانەی کوردی هەبوە، زۆربەی کتێبەکانی خوێندنیش بە زمانی عەرەبی بوە بەجۆرێک لە کۆی (٥٨) کتێب کە وەکو پرۆگرام دەخوێنرا تەنها (١) دانە لەو کتێبانە بە زمانی کوردی بوە(م.م.ن، ج(٣٥)، ١٩٢٨: ٨٣٤؛ زەکی، ١٩٨٤: ٣٣). بە بۆچونی ئێمە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە گرنگی بە زمانی عەرەبی دراوە و زمانی کوردیش لەلایەن کاربەدەستانی مەعاریفەوە پەراوێزخراوە.

## باسی دوەم: هەوڵەکانی پەرلەمانتارانی کورد لە عێراق بۆ پرسی خوێندنی کوردی(١٩٢٨-١٩٣٣):

گفتوگۆکانی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق درێژەی هەبوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە حوزەیرانی ١٩٢٨ ژمارەیەک نوێنەری لیواکانی (هەولێر و کەرکوک و سلێمانی) (١٢) کە (٩) کەس بون، یاداشتێکیان پێشکەش بە وەزارەتی مەعاریف کرد، کە چەند پێشنیارێکی گرنگی تێدا هاتبو لەوانە:

١-دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی خوێندن لە لیوا کوردنشینەکان، کە ناوەندەکەی لە یەکێک لە لیوا کوردییەکان بێت.

٢-پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دانانی کتێب و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

٣-کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو شوێنانەی کە پێویستن.

٤-کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی کچان و دواناوەندی بۆ کوڕان.

٥- کردنەوەی خانەی مامۆستایان لە باشوری کوردستان(ژیان- ڕۆژنامە، ١٩٢٨، ژ.(١١٨)؛ ئەمین، ١٩٩٩: ١٨).

بەڵام وەزارەتی مەعاریف زۆربەی داواکارییەکانی ڕەتکردەوە بەبیانوی نائارامی ناوچەکە بەهۆی جوڵانەوەکانی شێخ محمود و پێشیان وابو هەندێک لەو داواکارییانەی نوێنەرانی کورد پێویست نییە، بەڵام دیاربو مەبەستیان گرنگیدانی زیاتر بو بە بەغدا و لیوا عەرەبییەکان دەشیانویست خوێندن تەنها بە زمانی عەرەبی بێت و پرۆگرامی خوێندنیش هەر بەو زمانە بێت، زمانی کوردییان بەزمانێکی لاواز وەسفکرد و وتیان تەنها زمانی قسەکردنی نێو گەڕەکەکانە و پێویست نییە پرۆگرامی خوێندن بە کوردی هەبێت(ئەمین، ١٩٩٩: ١٨؛ عەلی، ٢٠١١: ٢٧).

هەروەها مەعروف جیاوک (١٣) گفتوگۆیەکی توندی لە وەزارەتی مەعاریف لە بەردەم تۆفیق سویدی وەزیردا لە گەڵ تەها هاشمی (١٤) بەڕێوەبەری گشتی مەعاریف کردوە، بە هۆی هەڵوێستی خراپی تەها هاشمی و توندڕەوانی تری مەعاریف بەرامبەر داواکارییەکانی کورد بۆ پێدانی مافە نەتەوەییەکانیان، بیانوی تەها هاشمیش ئەوە بو کە بەغدا پایتەختە و دەبێت لەپێناو بەرەو پێشچونی ڕۆشنبیری گرنگی بە پایتەخت بدرێت، بۆیە کردنەوەی قوتابخانەی زیاتری لە کەرکوک و ناوچەکانی تری باشوری کوردستان بەپێویست نەزانیوە، لەوکاتەدا جیاوک وەڵامی داوەتەوە کە بیانوەکەی هەڵەیە و ڕۆشنبیریش بەپێی پرۆگرام بەرز و نزم دەبێت، نەک بە گیرخواردنی خوێندن لە پایتەخت، ئەمەش تەها هاشمی توڕە کردوە(جیاوک، ١٩٣٧: ٩٩-١٠٠؛ ساڵح، ٢٠١٢: ٢٣٩-٢٤٠).

لە دانیشتنی ٣٠ی ئابی ١٩٢٨ بۆ جارێکی تر مەعروف جیاوک ڕەخنەی توند لە وەزارەتی مەعاریف دەگرێت کە بودجەی وەزارەتەکەی بۆ هەمو ناوچەکانی عێراق بە یەکسانی خەرج نەکردوە و گرنگی زیاتری بە بەغدا و ناوچە عەرەبییەکان داوە و ناوچە کوردییەکانی پەراوێزخستوە، هەر لەبەرئەوەشە قوتابیانی کورد بە ناچاری ڕو لەبەغدا دەکەن بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز بەتایبەت بۆ تەواوکردنی خانەی مامۆستایان، ئەمەش بارگرانی لە سەرشانی خێزانە کوردەکان دروست کردوە(جیاوک، ١٩٣٧: ٨٧-٨٨؛ کاکەسور، ٢٠٠٤: ٩٣).

له ١ی ئەیلولی ١٩٢٨ له دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی نوێنەراندا، محمد ساڵح (١٥) نوێنەری سلێمانی، باسی گرنگی خوێندن و خوێندەواری و داواکاری خەڵکی سلێمانی بۆکردنەوەی قوتابخانە و خوێندن به زمانی کوردی کردوە، لەم ڕووەوە ڕەخنەی له لێدوانێکی بەڕێوەبەری گشتی مەعاریف (تەها هاشمی) گرت، که وتبوی خەڵکی سلێمانی خواستیان لەسەر کردنەوەی قوتابخانە نییە و هەر ئەمەش وایکردوە خوێندن و فێرکردن لەو شارەدا دوابکەوێت (م.م.ن، ج(٣٦)، ١٩٢٨: ٨٦٠–٨٦١).

له بەدواداچونێکی بەڕێوەبەری مەعاریفیشدا گوایه قوتابخانەیەکی له سلێمانی کردۆتەوە، بەڵام ژمارەی قوتابییەکانی (٥– ٦) قوتابی بوە، ئەمەش محمد ساڵح توڕە دەکات و جارێکی تر داتاکان دەخاتەڕو که پێشتر له شاری سلێمانی دو قوتابخانەی سەرەتایی هەبوە، بەڵام ئێستا خوێندن له شارەکە کەم و کورتی زۆرە و پێویستی به قوتابخانەی زیاترە، هەرچەندە دو قوتابخانە سەرەتاییەکە ماوە، بەڵام قوتابخانەیەکیان گرفتی زۆرە و هیچ مەرجێکی خوێندنی تێدانییە(م.م.ن، ج(٣٦)، ١٩٢٨: ٨٦٢).

کاتێکیش له شوباتی (١٩٢٩) شەش نوێنەری کورد له ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق که ئەمانە بون: (جەمال بابان، ئیسماعیل ڕواندزی، محمد جاف، حازم شەمدین ئاغا، محمد ساڵح ، سەیفوڵڵا خەندان)، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق و نوێنەری باڵای بەریتانیا له عێراق کرد، یاداشتەکە چەند داواکارییەکی لەخۆگرتبو وەک:

١–دامەزراندنی لیوای دهۆک و جیاکردنەوی له لیوای موسڵ و به فەرمی ناسینی زمانی کوردی له لیوای دهۆک.

٢–دامەزراندنی ئیدارەیەک بۆ لیواکانی(سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک).

٣–فەرمانگەی مەعاریف له یەکێک له لیواکانی باشوری کوردستان بکرێتەوە و له بەغدا و موسڵ جیابکرێتەوە.

٤–خوێندن و فێرکردن له قوتابخانەکانی باشوری کوردستان به کوردی بێت و گرنگی به دانان و وەرگێڕانی کتێب بۆ سەر زمانی کوردی بدرێت و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادبکرێت.

٥–بودجەی پێویست بۆ قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان تەرخانبکرێت و کەم و کورتییەکانی وەک کتێب و تەختە و تاقیگە پڕبکرێتەوە، بەڵام داواکارییەکان بەکەمی جێبەجێ کراوە(ئەمین، ١٩٩٩: ١٩–٢٠؛ الحفو والبوتانی، ٢٠٠٥: ٣٣؛ البوتانی، ٢٠١٧، ج١: ١٧٤).

ئەم داواکارییانەی نوێنەرانی کورد له کاتێکدا بو که کاربەدەستانی عێراق گفت و بەڵێنەکانی که به کوردیان دابو له کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ به عێراقی عەرەبییەوە نەبردبوە سەرو خۆیان له جێبەجێکردنی دەدزییەوە و له هەوڵەکانیشیان بەردەوام بون بۆ ئەوەی پەیمانێکی تر لەگەڵ بەریتانیا مۆربکەن، بۆ ئەوەی ببنە ئەندام له کۆمەڵەی گەلان و سیستەمی ئینتیداب هەڵبوەشێننەوە (البوتانی، ٢٠١٧، ج١: ١٧٤؛ محمد، ٢٠٠٥: ٢٩؛ تریب، ٢٠١٣: ٨٢)، نوێنەرانی کوردیش ویستیان پێش ئەوەی کاربەدەستانی عێراق و بەریتانیا بگەنە ڕێککەوتن مافەکانی کورد له ناو ڕێککەوتنەکە جێگیربکرێت، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتو نەبو، چونکە له کاتی کۆبونەوەی حکومەتی عێراق لەگەڵ نوێنەری باڵای

بەریتانیا داواکارییەکانی کورد لەبەرچاونەگیراوە بەتایبەت گرنگیدان بەخوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان(قادر، ٢٠٠٥: ٤٢-٤٣؛ شوانی، ٢٠٠٥: ٣٩-٤٠).

هەرچی شا فەیسەڵ بوە دژی خۆکاندید کردنەوەی ئیسماعیل ڕواندزی و حازم شەمدین ئاغا بوە و داوای کردوە جارێکی تر خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کاندید نەکەنەوە، چونکە ئەم نوێنەرانەی کورد دو یاداشتی تریان دابوە حکومەتی عێراق بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشی خوێندن و کرنەوەی قوتابخانەی زیاتر لە ناوچە کوردییەکان، لە یاداشتێکی ئیسماعیل ڕواندزی کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق (عەبدولمحسین سەعدون) و نوێنەری باڵای بەریتانیای کرد کەتیایدا هاتبو: "فخامت مندوبی سامی عراق- بەغدا بمناسبتی سفری فخامتان بۆ لندن بۆ معاهدەی عیراق و بەریتانی من بە وکالتی کورد تشریف ئەکەم کە فخامتان دەعوەت بکەم بۆ ئەمەی لە قضیەی کورددا ئاگاداربن" کاتێکیش بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە وەفدی عێراق و بەریتانیا دێنە هەولێر و هەریەکەیان وتارێک پێشکەش دەکەن، لەوکاتەدا ئیسماعیل ڕواندزی دێتە وەڵام و دەڵێ: "فەخامەتی جەعفەر پاشا، ئێمە چیدیکە بەو قسانە فریو ناخۆین. لەسەر قەراری عوسبەت ئومەم حەقی خۆمان ئەوێ..."، ئەم قسانەش جەعفەر پاشا توڕە دەکات(ئۆمەر، ٢٠٠٦: ١٢٦-١٢٧؛ حەمەدئەمین، ٢٠٠٨: ١١١-١١٢)، هەرچەندە کاربەدەستانی حکومەت و وەزارەتی مەعاریف لە ژێر فشاری بەریتانیا و کۆمەڵەی نەتەوەکان هەندێک هەنگاوی بچوکیان هاویشت وەک کرنەوەی فەرمانگەیەکی تایبەت بە کورد بۆ خوێندن کە مەڵبەندەکەی لە شاری کەرکوک بێت و سەرپەرشتیکردنی قوتابخانەکانی هەولێریشیان لە موسڵ جیاکردەوە، بەڵام کێشەکان زۆر لەوە گەورەتر بو کە بەهەنگاوێکی وا بچوک چارەسەر بکرێت(قادر، ٢٠٠٨: ١٦٧).

بەبۆچونی ئێمە کاربەدەستانی عێراق نەیانویستوە داواکارییەکانی نوێنەرانی کورد جێبەجێبکەن، ئەگەر لە کۆبونەوەکانیشیان لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا گفت و بەڵێنیان بۆ پێدانی مافی خوێندن بە زمانی کوردی، بەڵام بەڵێنەکانیان بەکەمی جێبەجێکردوە، سەبارەت بە بەریتانیاش پێمانوایە سیاسەتێکی دو لایەنەی پەیرەوکردوە لە لایەک ویستویەتی دەوڵەتی عێراق ڕازی بکات و لە دانیشتنەکانیان لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاوبگرن، لەلایەکیش ویستویەتی کورد لە خۆیان نیگەران نەکەن و خۆیان وانیشان بدەن کە دۆستی کوردن و بەرگریکاری مافەکانیانن، هەرچەندە هەندێجار نوێنەرانی بەریتانیا فشاریان لە حکومەتی عێراق کردوە بۆ پێدانی مافەکانی کورد، بەڵام فشارەکان کاریگەری زۆری نەبوە، کاربەدەستانی عێراقیش تا ئەوکاتەی بونە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان گوێیان لە بەریتانییەکان گرتوە.

کاتێکیش مۆرکردنی ڕێککەتننامەی بەریتانی – عێراقی ساڵی (١٩٣٠) بەرەو نزیکبونەوە دەچو، پێنج نوێنەری(١٦)کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران یاداشتێکی بیرخەرەوەیان دایە نوێنەری باڵای بەریتانیا و ڕایانگەیاند زۆر لایەن پشتگیری بیرخەرەوەکە دەکەن وەک هۆزەکانی (پشدەر، جاف، داودە، هەمەوەند، شێخ بزێنی، شوان، قەڵاسێوکە) (البوتانی، ٢٠٠١: ٥٥؛ ساڵح، ٢٠١٢: ١٠٥-١٠٦).

لەلایەکی ترەوە مەعروف جیاوکیش لە شوباتی(١٩٣٠) نامەیەکی بۆ (کابتن هۆلت) نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق نارد و ڕەخنەی ئەوەی لێگرت کە نەیانتوانیوە فشاری توند بخەنە سەر حکومەتەکەی ناجی سویدی (١٨٨٢–١٩٤٢) بۆ جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کاتێکیش ڕێککەوتنەکە مۆرکرا، بوە هۆی نارەزایی نوێنەرانی کورد (ئۆمەر، ٢٠٠٦: ١٢٦؛ ساڵح، ٢٠١٢: ١٠٠)، چونکە بەریتانیا بەڵێنی بە عێراق دابو ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان و هیچ مەرجێکی قورسی بۆ دانەنابو سەبارەت بەپێدانی مافەکانی کورد، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە بەڵێن و گفتەکانی پەیماننامەکانی پێشو بۆ هەوڵدان بۆ پێدانی مافی کورد و فشاری کۆمەڵەی گەلان لەسەر کاربەدەستانی عێراق گرنگی پێنەدراوە، بۆیە لە کاتی مۆرکردنی پەیمانەکە مافی خوێندن بە زمانی کوردی و بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی بەهەند وەرنەگیراوە (صابر، ٢٠٠٦: ١٠٧)، ئەمەش مەعروف جیاوک نیگەران دەکات، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی خوێندن کە داوای دەکرد لە تەواوی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان خوێندن بە کوردی بێت(جیاوک، ١٩٣٧: ٢٣١).

هەرچەندە لە ٨ی نیسانی ١٩٣٠ نوێنەری بەریتانیا کۆبونەوەی بە نوێنەرە کوردەکان کرد و ئەوەی پێڕاگەیاندن کە داواکارییەکانیان بەهەندوەردەگرێت و فشار لە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق دەکات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانیان، بەڵام دیار بو کاربەدەستانی عێراق هەر بەڵێنێکیان بدایە دواتر لێی پاشگەز دەبونەوە، ڕێگریشیان لە خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردییەکان کردوە (البوتانی، ٢٠١٧، ج١: ١٧٤–١٧٥؛ ساڵح، ٢٠١٢: ١٠٦).

لە نیسانی ١٩٣٠محمد جاف و مەعروف جیاوک نوێنەرانی کەرکوک و هەولێر یاداشتێکی تریان پێشکەش بە نوێنەری بەریتانیا کرد و نارەزایی خەڵکی باشوری کوردستانیان پێڕاگەیاندن سەبارەت بە خراپی بارودۆخی خوێندن(البوتانی، ٢٠٠١: ٦٤؛ ئەلمزەفەری، ٢٠١٢: ٦–٧)، ئەوەشیان وتوە کە خەڵکی باشوری کوردستان لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبی، وازیان لە تورک هێناوە و لەسەر بەڵێنی جێبەجێکردنی مافەکانیان و لەسەر خواستی بەریتانیا ویستویانە لەگەڵ عێراق بژین و لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلانیش پاراستنی مافی نەتەوەیی کورد پەسند کراوە وەک زمان و شوێنەوار و دابونەریتی نەتەوایەتی و چەند مەرجێکیشی بۆ دانراوە(ساڵح، ٢٠١٢: ١٠٦–١٠٧)، هەروەها یاداشتەکەیان چەند داواکارییەکی لەخۆگرتبو لەوانە:

١–خوێندن لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان بە زمانی کوردی بێت.

٢–دانانی کارگێڕییەکی فراوان لە ناوچە کوردییەکان، کە بۆ ماوەی (١٥) ساڵ لەژێر سایەی حکومەتی بەریتانیابێت.

٣–هەر گۆڕانکارییەکیش بەسەر عێراقدا هات حوکمی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی)بدرێتە کورد (الحفو والبوتابی، ٢٠٠٥: ٣٢–٣٣).

بەڵام وەڵامی حکومەت و وەزارەتی مەعاریف نەرێنی بوە، بەتایبەت وەزارەتی مەعاریف بەردەوام بو لەسەر پەراوێزخستنی خوێندنی کوردی لە باشوری کوردستان، هەرچەندە بەڵێنیشیان بە نوێنەری بەریتانیا دابو کە لە پەیمانی داهاتو داواکارییەکانی کورد لەبەرچاوبگرن(الحفو والبوتابی، ٢٠٠٥: ٣٢–٣٣).

هەرچەندە لە کاتی ئەندام بونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی (١٩٣٢) کاربەدەستانی عێراق بەڵێنیاندا خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی بێت و لە برگەیەکی ڕێککەوتننامەکەش دەڵێت: (دەبێ خواستەکانی کورد بۆ دامەزراندنی فەرمانبەری کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان، خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکاندا، بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی ناوچە کوردییەکان لەبەرچاوبگیرێت)(عەلی، ٢٠٠٥: ١٤).

کاتێکیش یاسای زمانە خۆجێییەکان لە ساڵی (١٩٣١) دەرچو، یاساکە لە هەردو ئەنجومەنی نوێنەران(الوقائع العراقية، العدد(٩٨٩)،١٩٣١) و، ئەنجومەنی پیران پەسندکرا، لە ڕاگەیاندنی فەرمی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٨ی کانونی دوەمی ١٩٣٢ دەرچو، لە ٥ی ئایاری هەمان ساڵ بڕیاری لە سەر درا لە بارەی بەڵێننامەی عێراق بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەپێی ڕاگەیاندنەکەش لە ماددەی نۆیەمی برگەی یەکەمدا هاتبو: (زمانی کوردی لە تەک زمانی عەرەبی لەو قەزایانەی کە زۆرینەی کوردن بە زمانی فەرمی دادەنرێ و بەکاردەهێنرێت)(جامباز، ٢٠١٤: ١٦).

بەم جۆرەش حکومەتی عێراق یاسای زمانە خۆجێیەکانی دەرکرد کە لە (٩) ماددە پێکهاتبو، دەرکردنی یاساکەش بۆ کورد گرنگ بو، چونکە کاربەدەستانی عێراق بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و دادگاکان سەلماند، هەرچەندە لە یاساکەدا ئەوە هاتبو کە قوتابیانی کورد لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بە زمانی کوردی بخوێنن و فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکانیش دەبێ کوردی بزانن، بەڵام یاسایەکە تەنها لە لیوای سلێمانی و هەولێر کارپێکراو لە موسڵ و بەشێکی زۆری کەرکوک و خانەقین ڕێگەنەدراوە لە قوتابخانەکان بە کوردی بخوێنن (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٣٣).

لە ماددەی شەشەمدا دەڵێ: "لە هەمو قوتابخانە بەرایی و سەرەتاییەکانی ئەو قەزایانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، زمانی خوێندنیان ئەو زمانە دەبێ کە زۆربەی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە لە ماڵەوە بە کاریدەهێنن، ئینجا ئەو زمانە عەرەبی بێ یان کوردی" هەروەها ماددەی هەشتەمیش دەڵێ" لە لیواکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر کە لە یاساکە ئاماژەی پێکراوە، دەبێ شێوەی زمانی ئەو شێوەیە بێت کە ئێستا بەکاردێت، بەڵام لە قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ کە لە یاساکەدا باسکراوە، خەڵکەکەی ئازادن شێوە زمانی کرمانجی سەرو یان کرمانجی خوارو بەکاربێنن" (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٣٧-٢٣٩).

هەندێک لە نوێنەرە عەرەبەکان دژایەتی یاساکەیان کردوە یەکێک لەوانەش عەبدولجبار تکرلی نوێنەری لیوای مونتەفک بو، ئاماژەی بەوە کرد بەپێی ماددەی (١٧)ی دەستوری عێراق زمانی عەرەبی زمانی فەرمیە و زمانی کوردی تەنها لە ناوچە کوردییەکان بەکاردێت و زمانی فەرمی خوێندن و دادگاکان و بە کارهێنانی لە نوسراوە فەرمییەکانی نێوان لیواکان و وەزارەتەکان زمانی عەرەبییە، هەروەها ئیبراهیم حییم نوێنەری لیوای بەغدا، ڕەخنەی لە ماددەی پێنجەم گرت کە دەڵێ" پێویستە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان زمانی فەرمی بێت"، پێشنیاریشی کرد یاساکە بکرێت بە یاسای زمانە خۆجێییەکان(م.م.ن، ج(٣٥)، ١٩٣١: ٤٦٢).

## ئەنجام:

لەکۆتایی توێژینەوەکەمدا گەیشتمە ئەم ڕاستیيانەی خوارەوە:

١-بەریتانییەکان شێوازی مامەڵەیان گۆڕی و سیستەمی ئینتیدابیان بەسەر عێراقدا سەپاند، هەروەها خۆیان لە کورد نزیککردەوە و پشتگیری خۆیان بۆ خوێندن و فێرکردن بەزمانی کوردی دەربڕی.

٢-نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕێگەی گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنەوە توانییان بە یاسا مافی خوێندنی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لەدادگا و دامودەزگا حکومییەکانی ناوچە کوردییەکان دەستەبەر بکەن، لەو یاسایانەش یاسای زمانە خۆجێیەکان بو کە لە ساڵی ١٩٣١ دەرچو.

٣-بەشێوەیەکی گشتی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر بە زمانی کوردی بوە لە لیوای کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی لیوای موسڵ بەکەمی خوێندن بەکوردی بوە و زیاتر بە زمانی عەرەبی بوە.

٤-هەرچەندە بەشێکی زۆری نوێنەرانی عەرەب دژی خواستەکانی کوردبون، بەڵام نوێنەری عەرەبیش هەبوە پشتگیری مافەکانی کوردی کردوە، لەو کەسانەش یوسف غەنیمەی نوێنەری بەغدا پشتگیری داواکاری حازم شەمدین ئاغای کرد بۆ باشکردنی ڕەوشی خوێندن لە ناوچەی بادینان.

٥-گرنگینەدان بە خوێندنی کوردی، هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بوە و ئەو بیانوانەش کە کاربەدەستانی مەعاریف دەیانهێنایەوە جێی باوەڕپێکردن نەبوە، کە زۆرجار ئاماژەیان بەوە دەدا کە زمانی کوردی زمانێکی لاوازە و بە کەڵکی خوێندن نایەت.

٦-ئەگەرچی ناوچە کوردییەکان قوتابخانەی پێویستیان نەبوە و کۆسپ و تەگەرەش بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لەلایەن کاربەدەستانی مەعاریفەوە دروستکراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوچە عەرەبییەکان کێشەی خوێندنیان نەبوە، بەڵکو ئەوانیش کێشەی بینای قوتابخانە و کەمی ژمارەی مامۆستایان هەبوە، بەڵام ناوچە عەرەبییەکان لە ناوچە کوردییەکان باشتر بونە و کێشەی زمانی خوێندنیان نەبوە و پرۆگرامەکان بە زمانی عەرەبی بوە.

٧-زۆرجار کاربەدەستانی مەعاریف گفت و بەڵێنیان بە نوێنەرانی کورد داوە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی، بەڵام دواتر لێی پاشگەزبونەتەوە، تەنانەت پابەندی ئەو یاسایانەش نەبون کە خۆیان دەنگیان پێدابو بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان.

٨-لەم سێ خولەی پەرلەماندا نوێنەرانی کورد بەوپەڕی توانا و چالاکییەوە دەبینران و هەوڵی تەواوی خۆیان بۆ کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی خستۆتەگەڕ، بەڵام نوێنەری کوردیش هەبوە دژی خوێندن بە زمانی کوردی بوە، لەوانەش داود حەیدەری نوێنەری لیوای هەولێر.

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Attempts of Kurdish Parliamentarians in Iraqi Government to Achieve Education and Literacy in Native Language During(192٥-1933)

**Mariwan mahmood Muhammed**
Raji Preparatory School for Boys, Koya Education Directorate, Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Mariwan.mahmood2019@gmail.com

**Ahmad Muhammed-Ameen Qqdir**
History Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

**Abstract:**

After the foundation of Iraq in 1921, Kurds tried to achieve their own ethnic right within this new country. Although a part of South Kurdistan (Sulaimania and its suburbs) was not a part of this new government, British authorities made their best to enhance the relationship between Kurds and Iraqi authorities; and as a consequence of Britain insistence and the support of League of Nations, Mosul province was attached to Iraqi government on 16th December 1925, After conducting the election for the foundation assembly, Kurdish representatives made their effort to enjoy formally the right of education in their native language, but this demand was strongly rejected by the majority of the Arab members.

Kurdish representatives in the Iraqi House of Representatives, through discussions on the council or by memorandum, called for an improvement in the situation of Kurdish education, and the most notable memorandum that Kurdish representatives presented to the Ministry of Education in June 1928, which called for the reopening of the school that they needed and formed committees to set up books and translate schools into Kurdish, but Ma'arif officials rejected their requests, believing that the curriculum was better in Arabic, and they described the Kurdish language as a weak language. Although under Article (16) of Iraq’s Constitution and Article (9) of the Local Language Act of 1931, education in primary schools with a majority of Kurdish population should have been in Kurdish, however the rules have not been implemented as necessary.

The main objective of this research is to demonstrate the efforts of Kurdish representatives to improve the education situation in the Kurdish region, and the research method is to determine

the historical truth that Kurdish representatives have requested for Kurdish studies, except for the small number, and many Arabs in parliament have rejected their requests.

**Key words:** Kurdish as a Teaching Language, National Assembly, Knowledge, Petition, Iraqi Government.

## پەراوێزەکان:

(١) فەیسەڵ کوڕی حسێن: ساڵی (١٨٨٣) لە شاری تائیفی وڵاتی حیجاز لەدایکبوە، سەرەتای خوێندنی لەسەر دەستی مامۆستای تایبەت لە کۆشکەکەی باوکیدا بوە، ساڵی (١٩٠٥) لەگەڵ (حوزەیمە)ی ئامۆزای ژیانی هاوسەری پێکهێناوە (باوەر، ٢٠١٨: ٧٤)، ساڵی (١٩١٦) لەگەڵ حسێنی باوکی دژی دەسەلاتی عوسمانییەکان وەستاوەتەوە، ساڵی (١٩١٩-١٩٢٠) حکومەتی عەرەبی لە دیمەشق بەڕێوەبردوە، لە کۆنگرەی قاهیرەی (١٩٢١) پێشنیارکراوە بۆ پۆستی پاشایەتی لە عێراق، لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١) تاجی شاهانەی عێراقی وەرگرتوە، ساڵی(١٩٣٣) کۆچی دوایی کردوە (الزبیدی، ٢٠١٣: ٤٦١).

(٢) ئەوکاتە بە ئەنجومەنی نوێنەران دەوترا ئەنجومەنی دامەزراندن (المجلس التأسیس).

(٣) نوێنەرانی کورد بەم جۆرە بون: لیوای هەولێر (٨) ئەندام و لیوای کەرکوک (٤) ئەندام و قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ (٢) ئەندام، بۆ سلێمانیش (٥) کەسیان لە کەسایەتییەکانی خەڵکی سلێمانی لە کەرکوک هەڵبژارد، ئەمەش بۆ پەردە پۆشکردنی بەشدارینەکردنی خەڵکی سلێمانی بو لە هەڵبژاردنەکە (قادر، ٢٠٠٧: ٤٩).

(٤) حازم شەمدین ئاغا: کوڕی یوسف پاشای کوڕی شەمدین ئاغایە، ساڵی(١٨٩٥)لە زاخۆ لەدایکبوە، لە چەند خولێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نوێنەری لیوای موسڵ بوە، لە حکومەتەکەی تۆفیق سویدی پۆستی وەزیری وەرگرتوە، جگە لەمە چەندین پلەوپایەی کارگێڕی وەرگرتوە و ڕۆڵی کاریگەری تیایاندا بینیوە، لە حوزەیرانی ١٩٥٤ لە موسڵ کۆچی دوایی کردوە (بصری، ٢٠٠٤: ٢٢٢).

(٥) یوسف غنیمة: ساڵی (١٨٨٥) لە بەغدا لەدایکبوە، ساڵی (١٩٠٩) لە ڕۆژنامەی صدی بابل کاری کردوە، لە خولی یەکەم و دوەم و پێنجەم نوێنەری بەغدا بوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ساڵی (١٩٥٠) کۆچی دواییکردوە(قادر، ٢٠٠٧: ١٠٣).

(٦) نوێنەرانی هەولێر لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمانەبون: (سەبیح نەشئەت، داود حەیدەری، یوسف ئیبراهیم، ئیسماعیل ڕواندزی، عبداللە موخلیس)(قادر، ٢٠٠٨: ١٣٨).

(٧)محمد حەبیب: کوڕی شێخ عەلی کوڕی عەبدولڕەحمان تاڵەبانییە، ساڵی(١٨٨٧)لە شاری کەرکوک لەدایکبوە، خوێندنی ئاینی لە کەرکوک خوێندوە، قۆناغەکانی تری خوێندنی لە کەرکوک و بەغدا تەواوکردوە، لە خولەکانی یەکەم و سێیەم و پێنجەم نوێنەری کەرکوک بوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ساڵی (١٩٣٤) سەرۆکی شارەوانی کەرکوک بوە، لە ئەیلولی (١٩٥٩) کۆچی دوایی کردوە (ئۆمەر، ٢٠٠٧: ٤٣).

(٨) ئیبراهیم یوسف عوسمان: ساڵی (١٨٩٧) لە شاری موسڵ لەدایکبوە، خوێندنی ئاینی لە مزگەوتی قەلات خوێندوە و دواتر چۆتە قوتابخانەی فەرمی، بەڵام خوێندنی تەواونەکردوە، ناوبراو لە چەند خولێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەری لیوای هەولێر بوە، ساڵی (١٩٥٠) لە هۆبەی کشتوکاڵی هەولێر بە (ئەمین سندوق) دامەزراوە، ساڵی(١٩٧١) لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە(ئۆمەر، ٢٠٠٧: ١٥؛ قادر، ٢٠١٣: ١٢٥).

(٩) ئیسماعیل ڕواندزی: ئیسماعیل سەعید عەولا بەکر لەنەوەی پاشای گەورەیە، لە ساڵی(١٨٩٥) لە ڕواندز لەدایکبوە، لە خولی یەکەم و دوەمی ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەری هەولێر بوە، لە ماوەی کارکردنیدا چ بە جیا یان لە گەڵ نوێنەرانی تری کورد چەندین یاداشتی پێشکەش بە کاربەدەستانی حکومەت و نوێنەری باڵای بەریتانیا کردوە و داوای خوێندنی کوردی و بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە دادگا و دامودەزگاکانی حکومەت لە باشوری کوردستان کردوە، لە حوزەیرانی ١٩٣٣ کوژراوە (حەمەدئەمین، ٢٠٠٨: ١٠١-١١٠؛ ئۆمەر، ٢٠٠٧: ١٥-١٦).

(١٠) داود ئیبراهیم حەیدەری، لە ساڵی(١٨٨٦)لە هەولێر لەدایکبوە، لە ساڵی(١٩٠٨) خوێندنی مافی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردوە و لە ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە عێراق، ساڵی(١٩٢٤) ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق بوە، لە چوار خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەری لیوای هەولێر بوە، لە ساڵی(١٩٦٥)کۆچی دوایی کردوە (بصری، ٢٠٠٤: ١٨٩).

(١١) ئەوانەی ئیمزایان کردوە دیارترینیان ئەمانەن: (محمد عەلی- سەرۆکی شارەوانی، محمد ئەمین- سەرۆکی دەرگەڵە، شێخ محمد- سەرۆکی باڵەک، مستەفا محمد ساڵح ئەفەندی- ئەندامی ئیدارە، ئەسعەد- سەرۆکی زراری) (ئەمین، ٢٠٠٢: ١٣٤؛ قادر، ٢٠٠٨: ١٤٧).

(١٢) نوێنەرەکان ئەمانە بون: (مەعروف جیاوک و ئیسماعیل ڕواندزی و جەمال بابان و عەبدوڵڵا موفتی- نوێنەرانی هەولێر، محمد سەعید و محمد جاف- نوێنەرانی کەرکوک، محمد ساڵح و سەبری و سەیفوڵڵا خەندان- نوێنەرانی سلێمانی)(ژیان- ڕۆژنامە، ١٩٢٨، ژ.(١١٨)).

(١٣) مەعروف جیاوک: کوڕی عەلی ئەسغەر کوڕی مەولود ئەفەندیە، خەڵکی گوندی سرێشمەی سەر بە قەزای ڕواندزە، ساڵی (١٨٨٥) لەدایکبوە، خوێندنی سەرەتایی و ڕوشدیەی لە بەغدا تەواوکردوە، دواتر کۆلیژی مافی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردوە، لە خولی دوەمی ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەری لیوای هەولێر بوە، ناوبراو چەندین یاداشتی پێشکەش بە وەزارەتی مەعاریف و کاربەدەستانی تری حکومەت کردوە و لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانیش زۆرجار گفتوگۆی لەسەر مافی خوێندن بە زمانی کوردی و خراپی ڕەوشی خوێندن لە باشوری کوردستان کردوە، لە ٢١ی کانونی دوەمی ١٩٥٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە(ئۆمەر، ٢٠٠٧: ٤٧-٤٨).

(١٤) تەها هاشمی: بە ڕەچەڵەک کورد بوە و لە کوردە کاکەییەکانی کەرکوکە (احمد، ٢٠٠١، ب٢: ٣٤٠).

(١٥) محمد ساڵح: کوڕی محمد عەلی بەگ کوڕی ساڵح بەگی غەواسە، ساڵی (١٨٩٩) لەدایکبوە، ناوبراو لە خولی یەکەم تا خولی دەیەم نوێنەری لیوای سلێمانی بوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ساڵی(١٩٤٧)کۆچی دوایی کردوە(ئۆمەر، ٢٠٠٧: ٤٣-٤٤).

(١٦) نوێنەرەکان ئەمانەبون: (ئیسماعیل ڕواندزی و مەعروف جیاوک- نوێنەرانی هەولێر، محمد جاف- نوێنەری کرکوک، محمد ساڵح- نوێنەری سلێمانی، حازم شمدین ئاغا- نوێنەری موسڵ)(البوتانی، ٢٠٠١: ٥٨).

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، کەمال مەزهەر.(٢٠٠١)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دوەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ئەلمزەفەری، نەبیل عگێد محمود.(٢٠١٢)، ڕۆڵی نوێنەرانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا(١٩٢٥–١٩٥٨)، و.حەسەن جاف، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا.(١٩٩٩)، سەردەمی قەڵەم و مراجەعات(١٩٢٨–١٩٣١)، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا.(٢٠٠٢)، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی(١٩٢٦–١٩٣٦)، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین.(٢٠٠٦)، ڕواندز(١٩١٨–١٩٣٩)، سلێمانی.

ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین.(٢٠٠٧)، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا(١٩٢١–١٩٥٨)، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

باوەڕ، ئەحمەد.(٢٠١٨)، مێژووی هاوچەرخی عێراق(١٩١٤–١٩٦٨)، چاپخانەی کارۆ.

بەسری، میر.(٢٠٠٩)، ناودارانی کورد، و.عەبدولخالق عەلائەدین، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی منارە.

تەیب، جەمال فەتحولا.(٢٠٠٨)، کۆیە(١٩١٨–١٩٥٨)، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

تریب، چارلز.(٢٠١٣)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، و.محمد حسێن و عەبدولقادر کەلهوڕ، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

جامباز، تاریق.(٢٠١٤)، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

حەمەدئەمین، ئەحمەد.(٢٠٠٨)، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژوویدا، دهۆک: چاپخانەی خانی.

خۆشناو، نەریمان عەبدولا.(٢٠١٣)، زمانی ستانداری کوردی، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

زەکی، محمدئەمین.(١٩٨٤)، دو تەقەلای بێ سوود، لەندەن: چاپخانەی هەلۆیست.

ساڵح، سدیق.(٢٠٠٥)، سەرجەمی بەرهەمی محمدئەمین زەکی، بەرگی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

ساڵح، ئازاد عوبێد.(٢٠١٢)، ڕۆڵی سیاسی و کارگێری و ڕوناکبیری مەعروف جیاووک(١٨٨٥–١٩٥٨)، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

شوانی، فاتیح عەبدولا.(٢٠٠٥)، پارێزگای کەرکوک(١٩٥٧–١٩٧٧)، سلێمانی: چاپخانەی ڕامان.

عەبدولقادر، نەهرۆ محمد.(٢٠١٢)، هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩١٨–١٩٢٦)، هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

عامری، ڕاهی مەزهەر.(٢٠١٨)، ڕۆڵی سیاسی مەسعود محمد لە عێراق(١٩١٩ –١٩٦٨)، کۆیە: چاپخانەی لاس سەنتەر.

عەلی، عادل سدیق.(٢٠١١)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، سلێمانی: چاپخانەی کەمال.

عەلی(وەرگێڕ)، سەلمان.(٢٠٠٥)، کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، و.سەلمان عەلی، بەرگی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

عەبدولا، چنار سەعد.(٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

قادر، مهدی محمد.(٢٠٠٨)، هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩١٤–١٩٣٠)، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

قادر، مهدی محمد.(٢٠١٣)، هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩٢٦–١٩٣٩)، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

کاکەسور، محمد عەبدولا.(٢٠٠٤)،گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا(١٩٢١–١٩٥٣)، هەولێر: بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.

مار، فیبی.(٢٠١١)، مێژووی نوێی عێراق، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

محمد، سمكۆ بەهرۆز.(٢٠٠٥)، مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەراییەکانی پارێزگای کەرکوک، کەرکوک: چاپخانەی ئازاد هەورامی.

هاوار، م.ڕ.(١٩٩١)، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دوەم، لەندەن: چاپخانەی بلاک رۆز.

وەردی، عەلی.(٢٠٠٥)، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق، و.دلێر میرزا، بەرگی شەشەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

صابر، سروه اسعد.(٢٠٠٦)، كوردستان الجنوبية(١٩٢٦–١٩٣٩)، السليمانية: مطبعة حمدى.

قادر، ئەحمەد محمدئەمین.(٢٠٠٧)، موقف مجلس النواب العراقى من القضية الكردية فى العراق(١٩٢٥–١٩٤٥)، السليمانية: مطبعة مؤسسة سردم.

ئەحمەد، کۆڕەک حەسەن.(٢٠١٧)، قەزای شەقڵاوە لە سەردەمی پاشایەتیدا(١٩٢١–١٩٥٨)، هەولێر.

محمد، ڕۆژگار عەبدولڕەحمان.(٢٠١٤)، ڕۆڵی وەزیرە کوردەکان لە حکومەتە عێراقیەکانی سەردەمی پاشایەتی(١٩٤٥–١٩٥٨)، هەولێر.

محمود، زیاد نەعمان.(٢٠١٧)، خانەقین لە نێوان ساڵانی(١٩١٨–١٩٥٨)، هەولێر.

ژیانەوە–ڕۆژنامە، ١٩٢٥، ژ.(٤٢).

دیاری کوردستان–ڕۆژنامە، ١٩٢٦، ژ.(١٥)

ژیان–ڕۆژنامە، ژمارە(١١٨)٢١ی حوزەیرانی

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٢٥، الجلسة(١١)فى ١٠ أب ١٩٢٥.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٢٥، الجلسة(٣٥)فى ٨ تشرين الاول ١٩٢٥.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٢٥، الجلسة(٢٢)فى ٢٥ شباط ١٩٢٦.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٢٥، الجلسة(٢٣)فى ٢ أذار ١٩٢٦.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الاولى، الاجتماع الاعتيادى الثانى لسنة ١٩٢٧، الجلسة(١٢)فى ١٧ أيار ١٩٢٧.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الثانية، الاجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٢٨، الجلسة(٣٥)فى ٣٠ أب ١٩٢٨.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الثانية، الاجتماع غير الاعتيادى الاول لسنة ١٩٢٨، الجلسة(٣٦)فى ١ أيلول ١٩٢٨.

الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع الاعتيادى لسنة ١٩٣٠، الجلسة(٣٥)فى ٨ شباط ١٩٣١.

الوقائق العراقية، العدد(٩٨٩)فى ١ حزەيران١٩٣١.

احمد، كمال مزهر.(ب.س.ط)، كركوك وتوابعها-حكم التأريخ والضمير، الجزء الاول، مطبعة ربنوين.

الادهمى، محمد مزهر.(٢٠٠٩)، العراق التأسيس النزام الملكى وتجربة البرلمانية تحت الانتداب البريطانى(١٩٢٠-١٩٣٢)، بغداد: مكتبة الذاكرة.

البوتانى، عبدالفتاح على يحيى.(٢٠٠١)، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، اربيل: مطبعة وزارة التربية.

البوتانى، عبدالفتاح على.(٢٠١٧)، منطقة بادينان(١٩٢٥-١٩٧٠)، الجزء الاول، اربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.

بصرى، مير.(٢٠٠٤)، اعلام السياسة فى العراق الحديث، الجزء الثانى، لندن: مطبعة دار الحكمة.

جياووك، معروف.(١٩٣٧)، نيابتى(١٩٢٨-١٩٣٠)، بغداد، مطبعة الزمان.

الحسنى، عبدالرزاق.(١٩٧٨)، تأريخ الوزارات العراقية، الاجزاء(١، ٢)، بغدا: مگبع دار الشؤون الثقافية.

الحفو والبوتانى، غانم محمد و عبدالفتاح على.(٢٠٠٥)، كورد والاحداث الوطنية فى العراق خلال العهد الملكى(١٩٢١-١٩٥٨)، اربيل: مطبعة وزارة التربية.

الدوسكى، سالار عبدالكريم فندى.(٢٠٠٨)، دور نواب السليمانية فى المجلس النيابى العراق(١٩٤٥-١٩٥٨)، دهوك: مطبعة خانى.

الزبيدى، حسن لطيف كازم.(٢٠١٣)، موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية، بيروت.

.١٩٢٨